# گیروگرفتەکانی نوسینی کوردی بە پیتە عەرەبیەکان
## (بابەتێکی دەنگسازیە)

## پێشەکی:

بەر لە هەمو شتێك، مەبەست لەم وتارە سە پاندنی ڕای تای بەتی دەستنیشانکراو نیە، بەڵکو خستنەڕوی چەند ڕا یەکی زانستی و پێشکەش کردنی چەند ئەنجام و پێشنیارێکی گونجاوە کە ئاسانکاریەکی زۆر دەخاتە ڕێنوسی کوردی بە پیتیەکانی عەرەبی و لە یەکتر نزیککردنەوەی ڕێنوسی کوردی بە پیتیەکانی عەرەبی و لاتینیە. کە دە شێ، لە ئێستا و داهاتودا، وەکو بۆچونی زمانەوانی سودی لێ وەربگیرێ و ببێتە دەنگێکی نەرم لە گفتوگۆکانی پێشتر لەم بارەیەوە و ها ندەرێك بێ، بۆ وروژا ندنی پێنوسی زمانەوا نە تایبە تمەندەکا نمان بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی ڕێنوسی کوردی، کە دەمێکە کاتی ئەوە هاتوە، بازوی کارامەی لێ هەڵماڵن.

کێشەی ڕێنوسی هەر زمانێك، ئەگەر لە پلەی یەکەمیشدا نەبێ، یەکێکە لە کێشە گرنگەکانی زمانەوانی. چونکە هەر زمانەوانان و زانستەکە ناگرێتەوە، بەڵکو سەرجەم نوسەر و خوێنەرانی ئەو زمانە دەگرێتەوە. ئەگەرچی وتاری زۆر و چەندین کتێبیش لەم بابەتەیان کۆڵیوەتەوە و گەلێ کێشەیان چارەسەرکردون، بەڵام هێشتا هەندێ کێشەی ڕێنوسی ماون (بە تایبەتی لە دیالێکتی ناوەڕاستدا) کە هۆیەکانیان پتر دەگەڕێنەوە بۆ جیاوازینەکردن لە نێوان فۆن و فۆنێم و لاساییکردنەوە و خۆبەستنەوە بە نوسینی عەرەبی. ئەمەشە، هۆی هەڵبژاردن و سنوری باسەکە و تۆژەر تەنیا باسی ئەو پیتانە دەکا کە کێشەدارن، لە دیالێکتی ناوەڕاستدا و هەوڵدەدا، بە پێی ڕادەی شارەزایی خۆی هۆکار و ڕێگەچارەیان بخاتەڕو.

بۆ پێکانی ئەو مەبەستەش، باسەکە کراوەتە دو بەش: لە بەشی یەکەمدا، کێشەی بزوێنەکان و لە بەشی دوەمدا، کێشەی نەبزوێنەکان تاوتوێکراوە و لە هەر بەشێکدا دەنگە کێشەدارەکان خراونەتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە و چارەسەریان پێشنیارکراوە.

لە کۆتایی باسەکەشدا، جگە لە ئەنجامەکان و کورتەی باسەکە بە عەرەبی و ئینگلیزی، لیستی سەرچاوەکانیش بە پێی ڕیزبەندیی یەکەم پیتی ناوی نوسەر پێشکەشکراون.

